# " هەتا ئێستاش رۆژ نییە تاوێک بۆ دایک و باوکم نەگریم" سالۆ مولەر

## تاکە جوولەکەیەک شەڕی چەند کۆمپایا و حکومەت دەکات

هەڵۆ بەرزنجەیی



ئەم کەسە جووە ناوی Salomon Barend Muller ە ناسراوە بە Salo Muller جووە و تەمەنی 88 ساڵە و لە پاشماوە و رزگاربووی کارەساتی هۆلۆکۆستە.
دایک و باوکی لە ٢٧/١١ / 1942 نازییەکان لە ئەمستەردام دەیانگرن و بە شەمەندەفەر ڕەوانەی ئاوسشفیز Schwitz دۆزەخی مردنی نازییەکان دەکرێن و دەکوژرێن .
ناوبراو لە ساڵی 1945 تەمەنی تەنیا 6 ساڵان بووە و بە هەرشێوەیەک بووبێت خۆی حەشاردراوە و بە شاراوەیی ژیاوە و لە مەرگ رزگاری دەبێ..
دواتر دەست بەکار دەکات وەک پسپۆر و شارەزای چارەسەری سروشتی Physiotherapeut.. تا دەگاتە ئەوەی لە یانەی بەناوبانگی Ajax Amsterdam ی هۆڵەندی هەمان کار دەکات و چارەسەری یاریزانی کردووە لە نێویاندا یاریزانی بەناوبانگ و ئەستێرەی هۆڵەندی و جیهانی ..Johan Cruyff
ناوبراو هەر دەرفەتێکی لە ژیانیدا بۆ هەڵکەوتبێ دژ بە نازیزم هاتۆتە دەست و تۆڵەی لێ کردوونەتەوە .
ساڵی2019 دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر گەیشت بە ڕێکەوتنێ لەگەڵ کۆمپانیای دەوڵەتی هێڵی ئاسنی هۆڵەندە ، ئەوەی کاتی خۆی بەشداربوون لە گواستنەوەی 7000جووی قوربانی هۆلۆکۆست و کەسوکاریان، توانی سەرکەوتوو بێ و بڕیارێ

بەدەست بهێنێ، بۆ هەر کەس، یان خێزانێک، بە بڕی 5-15هەزار یۆرۆ قەرەبوو بکرێنەوە ..بە تێکڕا 50 ملیۆن یۆرۆ قەرەبووی بۆ هەمووان بەدەستهێنا .
ئێستا نامەیەکی ئاڕاستەی هێڵی شەمەندەفەری ئەڵمانیا کردووە و هەمان داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو بەشدارییەیان لێ دەکات کە جوویان گواستۆتەوە بەرەو مەرگ..ئەودەم نرخی کم ڕێگای شەمەندەفەر تەنیا 4 فنیک«فلس» یاخود سەنتی ئێستا بووە .
ناوبراو سالانێکە بە تەنیا و بە پشتیوانی کۆمەڵێکی دەوروبەری نامە بۆ وەزیری هاتوچۆ و هێڵی شەمەندەفەری ئەڵمانی دەنووسێ و داوای قەرەبوویان لێ دەکات.
ساڵی 2017 بڕیار درا هێڵی خێرای شەمەندەفەری ئەڵمانی ناوبنێنAnna Frank ، بەڵام دوایی بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا..شایانی ئاماژەدانە هێڵی شەمەندەفەری ئەڵمانی لەڕێگای بەخشینەوە زۆر کاری گەورەی بۆ جووەکان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا سالۆ دەست لە ئێخەیان بەر نادات و ئێستا بووەتە ئالنگارییەکی گەورەی بەردەم ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە و تەنانەت حکومەتی ئەڵمانیا و میدیا و رای گشتی جەماوەر و تەنگەتاوی کردوون...
جا بۆ ئەوەی چیرۆکەکە بۆ هەموون روون و ئاشکرا بێت، ئەمە هەوڵی تاکە کەسێکی جووە، دوای 80 ساڵێک هەر کۆڵ نادات و بەدوای مافی قوربانییەکانی میللەتەکەیەوەتی ، دەی دەبێ رێکخراو و لۆبی و کەسایەتی و پارت و حکومەت و دەسەڵات و نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و بیرمەند و رۆشنبیران و پیشەسازان و هەموو ئەوانی تری جولەکە چییان کرد بێ و چی ناکەن و چۆن و چی بێت و چ نەکەن؟!؟
کاتێ مرۆ بەتایبەت ئێمەی کورد کە هاوشێوەی هۆلۆکۆست قوربانی گەورەمان داوە، لەسەر خوێنی قوربانییەکانمان هیچ نایەینە دەنگ و بەها بۆ پیرۆزی ژیانیان دانانێین،...نایانکەینە بەشێکی زیندووی ناسنامەی خۆمان، ئەوە چ شەرمەزاری گەورەیە بۆمان بۆ مێژوومان . ئەرێ ئێمە لە کوێی ئەم هەسارەی گەردووونەدا دەژین!... بۆ هێندە یادەورییمان کز و تاکی خۆمان لا هیچ و گیانی بندەستیمان لا خۆش کراوە،،..ئەم جادوو و وەیشومەیە چییە سواری کۆڵی نەتەوە شۆڕەسوارەکەی رۆژهەڵاتی ناوین بووە؟..!

بنۆڕن لە دیرۆکی نوێماندا ..ئێمە چ مێژوویەکمان نووسیوەتەوە:
سەرباز و ئەفسەر و فرۆکەوانەکانی کیمیابارانی و هەڵەبجە و ئەنفالی کوردستان ئازاد دەکەین و لەوەش کوێرەوەری تر دروشم و داوامان ئەوە بەوە رازین هەر بندەستیان بژین!..ئەوان سەردار و ئێمە کۆیلە .. لە رقی یەکتر هاوپەیمانی لەگەڵ جەلادەکانمان دەکەین، پەلکێشی دەوڵەت و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیان دەکەینەوە بۆ سەر سنگی نیشتمان!؟

نوێنەرانمان لە ئێستادا لە پەرلەمانی عێراق لە پێناوێ مشتێ پوولی گڵاودا و بە سیاسەتی دێزەیی دروشمی« کوچک لە ئاگر گەرمتر» یان بڵند کردۆتەوە و زۆر پەلەیان داروبەردی دەسەڵات و قەوارەی هەرێم بپێچنەوە و بە دیاری ببینەوە بۆ عەرشی تاوان و رووڕەشی عێراقی!؟،

ئەمە چ کوێرەوەرییەکە بەناو حیزبایەتی کوردی بەسەر ئەم نەتەوەیەیدا هێناوە؟!..خەڵکیش بەدیاری ئەم نمایشتە هێڵنج دەرانەوە دانیشتوون و گەڕێک چەپلە و سووڕێ هەڵپەرکێ پێشکەش دەکەن...کۆمەڵێ زارقەرەباڵغ و هەڵمەتەکاسەی خۆژێن بۆ خۆیان زەق دەبنەوە و هەڵدەتۆقێن؟،..

ئەم کارەسات و تاوان و هەڵانەی ئێستا دەرهەق بە دۆزی کورد دەکرێ، لە ناپاکی گەورەترن، چونکە بە ئاشکرا و بە فرۆفێڵ و چەواشەکاری حیزبایەتی و ناوچەگەرێتییەوە، کورد دابەش دەکەن و بە قڕانی دەدەن و کوردستان هەراج دەکرێ؟! شەرمەزارانە وەرز و مۆدەی خۆفرۆشی و دایکفرۆشی سەری هەڵداوە؟..!

تۆ بڵێی مێژووی پڕ شکۆی ئەم نەتەوەیە کە ملیۆنان ڕۆڵەی نەبەز و دڵسۆز و ئابڕوومەندی خۆی بۆ کوردایەتی کردۆتە قوربانی، لەم تاوان و ناپاکییە بێ ئاگا بێ و بە سانایی لە بکەرەکانیان خۆش بێت؟.!،

دایکان و خوشکان و باوک و برایانی خوێندەر و قوربانیدەران، ئێوە بە چ پێوەر و ویژدانێ ئەمە قبوڵ دەکەن؟..!

بنۆڕن کارەسات و کوێرەوەریی لە کوێدایە؟. بزانن تاکێکی جوو بەتەنیا چ دەکات بۆ قوربانییەکانی میللەتەکەیی و ئێمەش حیزب و سەرکردە و حکومەت و ڕۆشنبیر و خەڵکەکەمان چییان کردووە و دەکەن بۆ هەڵەبجە و گەرمیان و کوردستانی وێرانکراو؟....!

بەڕاستی بەراوردەکە لە جیاوازی ئاسمان و ڕێسماندایە...